# جوێن بە تا مەدە چونکە تاوانەکانی نەوەی ئادەم دەسڕێتەوە (لادەبات) هەروەکو چۆن فووکورە ناخاوێنیەکانی ئاسن ناهێڵێت

له جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئوم سائیب یان ئوم موسەیب -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمووی: «ئەوە چیتە ئەی ئوم سائیب -یان ئوم موسەیب- دەلەرزیتەوە؟»، ئەویش ووتی: تایە خوای گەورە بەرەکەتداری نەکات! -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «جوێن بە تا مەدە چونکە تاوانەکانی نەوەی ئادەم دەسڕێتەوە (لادەبات) هەروەکو چۆن فووکورە* ناخاوێنیەکانی ئاسن ناهێڵێت».
(*(فووکورە: ئامێرێکە بۆ فووکردن بە کورەی ئاسندا بەکاردێت
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئوم سائیب -ڕەزای خوای لێبێت- دەلەرزی، ویرسیاری هۆکاری ئەمەی لێیکرد، ئەویش ووتی: (تا)یە: واتا هۆکاری ئەمەی تووشی بووە تایە، و تا: گەرمیەکی زۆرە تووشی لاشە دەبێت، وچەند جۆرێکی هەیە. کاتێک ووتی: (خوای گەورە بەرەکەتداری نەکات!): ئەمیش نزا کردنە لەسەر ئەم نەخۆشیە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیکرد لە جوێندان وقسەکردن بە تا، چونکە ئەمە لە کردەوەکانی خوای گەورەیە و هەرشتێک لە کردەوەی خوای گەورە بێت؛ نابێت مرۆڤ نەفرەتی لێبکات وجوێنی پێبدات چونکە جوێندان پێی لە هەقیقەتدا جوێندانە بەو پەروەردگارەی دروستی کردووە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لا تسبوا الدهر فإن الله هو الدهر) واتە: (جوێن مەدەن بە کات چونکە خوای گەورە کات -دروست دەکات وبەڕێوەی دەبات-). پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (تاوانەکانی نەوەی ئادەم دەسڕێتەوە -لادەبات- هەروەکو چۆن فووکورە* ناخاوێنیەکانی ئاسن ناهێڵێت): واتا نەخۆشی تا هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکان وتاوانەکان وبەرزبوونەوەی پلەکان، هەروەکو چۆن ئەگەر ئاسن کاتێک دەکرێتە نێو ئاگرەوە پیسی وژەنگی پێوە نامێنێت وبە پاکی دەردەچێت؛ بەهەمان شێوە تا تاوانە بچووکەکانی مرۆڤ لادەبات بۆئەوەی مرۆڤ بە پاکیەوە لەو (نەخۆشیە دەربچێت. *(فووکورە: ئامێرێکە بۆ فووکردن بە کورەی ئاسندا بەکاردێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8961

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee